هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس الـوزراء

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٢) لە ٢٠١٩/٨/٧

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤) لە ٢٠١٩/٨/٧، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** ڕاسپاردنی هەمان لیژنەی پێکهاتوو بەپێی بڕگەی (یەکەم) لە بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧) لە ٢٠١٩/٧/٣٠ (تایبەت بە لیژنەی تەکنیکی بۆ گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ دۆسێی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) و بە هەماهەنگی (دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان) بۆ بەدواداچوونی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە دەستووری عێراق لەگەڵ دەسەڵات و لایەنە فیدراڵییە پەیوەندیدارەکان پشتبەست بە نوێترین بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٧١/ فیدراڵی/ ٢٠١٩) لە ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢٨ تایبەت بە ماددەی دەستووریی ئاماژەپێدراو.

**دووەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران